# پارچە(قیتعە):

لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو غەزەل وایە، هەندێک هەر بە غەزەلی دادەنێن، هەندێکی تر جیای دەکەنەوە و ناوی دەنێن پارچە(قیتعە)، ئەمەش پەیوەندی بە ژمارەی دێرە شیعرەکەوە هەیە، ئەوانەی پارچە پێناسە دەکەن لەسەر ئەو ئەو ڕایەن شیعر، یان دێڕەکانی شیعر لە چوارین(دوودێڕ، چوار نیوە دێڕ) ڕەت ببێت، تا (شەش دێڕ، دوازدە نیوە دێڕ) ئەوا دەچێتە چوارچێوەی پارچەوە، بەڵام ئەگەر هەفت دێڕ بێت (غەزەل)ی پێدەڵێن. ئەوانەشی پێناسەی غەزەل دەکەن لەسەر ئەو باوەڕەن کە هەر شیعرێک لە (دوو دێڕ، چوار نیوە دێڕ) ڕەت بکات پێویستە (غەزەل)ی پێبوترێت.

# غەزەل:

بریتییە لە پارچە شیعرێکی کورت لەسەر یەک کێشی عەرووزیی و یەک قافیە دەبێت، هەندێک پێیانوایە کە شیعر لە (سێ دێڕ، شەش نیوە دێڕ) ڕەت بکات غەزەلی پێدەڵێن، هەندێکی تریش لایان وایە (غەزەل) لە (حەوت دێڕ، چواردە نیوە دێڕ) دەستپێدەکات. لە پاڵ ئەم ڕایانە بۆ ژمارەی دێڕەکانی غەزەل، دیسانەوە ڕای جیاواز هەن، بۆیە دەڵێن: ( تا دوازدە دێڕ، بیست و چوار دێڕیش هەر غەزەلە)، لە دوای دوازدە دێڕەوە دەبێتە قەسیدە.

زاراوەی غەزەل لە ئێستادا تەنیا پەیوەندی بە قەوارە و ژمارەی دێڕەکانی شیعرەوە هەیە، نەوەک واتا و مەبەستی زاراوەکە، بەڵام خۆی لە خۆیدا لە پێشتردا (غەزەل) گوزارشت بووە لە شیعرێک کە باس لە پەیوەندی کچ و کوڕان، ژن و پیاوان بکات، بێگومان لە بنەڕەتیشدا وشەی (غەزەل) هەر مانای ئەڤینداری و دڵدارییە، ئەوەش ڕاستە کە شیعر بە خۆشەویستی و ئەڤینی دەستپێکردووە.

# قەسیدە:

لە غەزەل دەچێت، بەڵام ژمارە دێڕەکانیان لە یەکتر جیایە، قەسیدە بریتییە لەو پارچە شیعرەی کە لە (هەژدە دێڕە شیعر، سی و شەش نیوە دێڕ) تێپەڕبکات، واتا غەزەل لە ڕووی شێوە و قەبارە و ڕووخسارەوە، ئەگەرلە هەژدە دێڕ تێپەڕی کرد، دەبێتە قەسیدە، بێگومان قەسیدە ڕووداو و بەسەرهات و بابەت و قسە و تێڕوانینی دوور و درێژ بەکاردەهێنرێت.

بە تایبەت ناوەوەڕۆکێک پەیوەست بێت بە قارەمانێتی و ڕووداوی کۆمەڵایەتی، هەندێکجاریش دڵداری و ئایینیی و ... هتد. گیانی داستانئامێز و بەسەرهات و ڕووداوی چیڕۆکی لە هەندێک قەسیدەدا دەبینرێت، بەڵام نابێت قەسیدە بە داستان، چیڕۆکی شیعریی، چیرۆکی شیعری تازە بە تێڕوانینە ڕۆژئاواییەکە ئەژماربکرێت.

## چوارینەند(موڕەببەع):

لە ڕووی ڕووخسارەوە شیعری چوارینەبەند بریتییە لە پارچە شیعرێک لە سەر بنچینەی بەند و بەندبوون بونیات دەنرێت، هەر بەندی بریتییە لە چوار نیوە دێڕە شیعر، هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەمدا لەسەر یەک قافیە دەبن، بەڵام بەندەکانی تر سێ نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەک قافیە دەبن، کە ئەمە قافیەی درێژی شیعرەکەیە، نیوە دێری چوارەمیش لە هەموو بەندەکاندا لەسەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێت. واتا لە دروستبوونی وەکو پێنجین وایە، تەنیا جیاوازی لەگەڵ ئەودا ئەوەیە کە ئەمەیان هەربەندی بریتییە لە چوار نیوە دێڕ، شیعری چوارینەبەند زێتر لە دیوانی شاعیرانی وەکو پرتەوی هەکاری و بێخود و هی تر دەبینرێت.

## **پێنج خشتەکی:**

**لە بەرهەمی شاعیرێکەوە بۆ بەرهەمی دوو شاعیر، پێنج خشتەکی بریتییە لە بەرهەمی دوو شاعیر، ئەو شاعیرەی پێنج خشتەکی دەسازێنێت، واتا شاعیری دووەم، شیعری شاعیرێک دیاریدەکات، سێ نیوە دێڕە شیعر دەخاتە سەر نیوە دێڕی یەکەمی هەموو ڕِرە شیعرەکانی غەزەلەکە، واتا هەر دێڕە شیعرێک(دوو نیوە دێڕ)، دەبێ بە پێنج نیوە دێڕە شیعر، سێ نیوە دێڕی یەکەم هی شاعیری دووەمە، دوو نیوە دێڕەکەی تر هی شاعیری یەکەمە، بۆیە پێنج خشتەکی پێدەڵێن.**

ئیتر بەمشێوەیە وەکو چۆن خاوەنی غەزەلەکە نازناوی خۆی دەخاتە دێڕی دوایی شیعرەکەیەوە، شاعیری دووەمیش نازناوی دەخاتە یەکێک لەو سێ نیوە دێڕە شیعرەی کە بۆ دێڕی هەرە دوایی ڕێکیدەخات. ناو و ناونیشانی پێنج خشتەکی لە ئەدەبی کوردی بەم جۆرە دەبێ(پێنج خشتەکیی سالم لەسەر غەزەلێکی نالی). واتا سالم، غەزەلێکی دیاریکراوی نالی کردووە بە پێنج خشتەکی. پێنج خشتەکی لە بە شێوە و ڕووخسار وەکو پێنجین وایە، بەڵام ئەویان بەرهەمی دوو شاعیرە، پێنجین بەرهەمی شاعیرێکە.

# تەرجیع بەند:

بریتییە لە کۆمەڵێک غەزەل بە زۆری لە دوازدە غەزەل پێکدێت، دەبێ ژمارەی غەزەلەکان هێندەی یەک بن، واتا غەزەلی یەک چەند دێڕ بێت، دەبێت غەزەلەکانی تریش هێندەی ئەو بن، لێرەدا غەزەلێک لە دوازدە دێرتێناپەڕێت، هەموو غەزەلێکی تەرجیع بەندەکە بە دێڕە شیعرێکی دیاریکراو کۆتاییان دێت. ئەم هونەرە شیعرییەی کلاسیک بۆ مەبەستی ئایینی بەکاردهێنرێت، دیارە لە بنەڕەتیشدا بۆ گۆرانیی ئایینی دەهۆنرێتەوە لە مەولوود و کۆبوونەوە و کۆڕی زیکری دەرویشان، گۆرانیبێژ بە دەم ئاوازی دەف و تەپڵ غەزەلی یەکەم دەچڕێت، تا دەگاتە دێری دوایی ئەمەیان کۆرسی دەفژەنەکان یان ئامادەبووان بە ئاوازەوە دەیگێڕنەوە.

غەزەلی دووەم یان هەر ئەو گۆرانبێژە دەیچڕێت یان گۆرانبێژێکی تر، دیسانەوە دێڕی دوایی بۆی دەگێڕنەوە، بەمجۆرە تا غەزەلەکان هەموویان تەواو دەبن. لە ئەدەبی نوێدا ئەم هونەرە بۆ مەبەستی کوردایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بەکارهێنراوە. بۆ نموونە (حەمدی) زنجیرەیەک لەمجۆرە شیعرەی داناوە بە ناوی (تەرجیع بەندی نیشتمانی)یەوە

غەزەلی دووەم یان هەر ئەو گۆرانبێژە دەیچڕێت یان گۆرانبێژێکی تر، دیسانەوە دێڕی دوایی بۆی دەگێڕنەوە، بەمجۆرە تا غەزەلەکان هەموویان تەواو دەبن. لە ئەدەبی نوێدا ئەم هونەرە بۆ مەبەستی کوردایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بەکارهێنراوە. بۆ نموونە (حەمدی) زنجیرەیەک لەمجۆرە شیعرەی داناوە بە ناوی (تەرجیع بەندی نیشتمانی)یەوە.

## تەرکیب بەند:

وەک تەرجیع بەند وایە و جیاوازییەکەی لەوە دایە کە دێڕی دوایی هەمو بەندێک دەگۆڕێت، واتە دێڕەکە دووبارە و سێبارە و چەندبارە نابێتەوە وەکو تەرجیع بەند.

## موستەزاد:

شاعیر لە هونەری موستەزاد جۆرە هونەرمەندێتی و دەستڕەنگینی دەنوێنێت کاتێک غەزەلێک دەهۆنێتەوە لەسەر یەک وەزن و یەک قافیە. دواتر هەموو نیوە دێڕێک بە ڕستەیەک دەبەستێتەوە، ئەم ڕستە زیادەیە کە دەچێتە سەر هەموو نیوە دێڕەکانی شیعرەکە، بە مەرجێک ئەم زیادانەش بە تەنیا هەموویان لەسەر یەک کێش و یەک قافیە دەبن،

لەگەڵ ئەمەشدا غەزەلەکە بە تەنیا بۆ زیادەکان غەزەلێکی ئاساییە و ئەگەر بە بێ زیادەکانیش بخوێنرێتەوە مانای تەواو بە دەستەوە دەدا، بەڵام ئەگەر زیادەکان بە تەنیا وەکو بەرهەمێکی تایبەتی بخوێنرێتەوە مانای تەواو بە دەستەوە نادەن، بەڵکو ئەم زیادانە هەر نیوە دێڕێک دەبێ بە شیکەرەوە و ڕوونکەرەوەی ئەو نیوە دێڕە غەزەلەی کە دەچێتە سەری. پرتەوی هەکاری و ناڵی هونەری موستەزادیان هەیە.

## مولەممەع:

ئەو شیعرەیە کە بە زیاتر لە زمانێک ڕێکدەخرێت، بێگومان لە شیعری کوردیدا بۆ مەبەستی مولەممەع زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەکاردەهێنرێن. شاعیری لەم جۆرە هونەرەدا هەوڵ دەدات هەندێۆ نیوە دێڕ یان دێڕی تەواوی شیعر بە زمانێک یان زیاتر لەو سێ زمانە دەرببڕێت، دیارە دەبێت لە هەموو ڕستەکان بە زمانە جۆربەجۆرەکانەوە لەکەڵ یەکتری بگونجێن و مەبەستی گشتی شاعیر بە دەستەوە بدەن.

**لە چوارچێوەی شیعر و ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا مولەممەع لای ئەم شاعیرانەی خوارەوە و هی تریش دەبینرێت:-**
**مەلای جزیری(عەرەبی وفارسی بەکارهێناوە)، نالی(عەرەبی بەکارهێناوە)، سالم(فارسی بەکارهێناوە)، کوردیی شاعیر(فارسی و عەرەبی و تورکی بەکارهێناوە)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی(فارسی و عەرەبی و تورکی بەکارهێناوە). لە شیعری کوردیدا بەکارهێنانی ڕستەی زمانی بێگانە، بە مولەممەع لە قەڵەم نادرێت، بەڵکو ئەویش هونەرێکی ترە کە (تێکهەڵکێش)ی پێدەڵێن. بە زۆری ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر دروودی خوای لێبێت بۆ ئەم مەسەلەیە لە شیعری ئایینیدا موناجات و نەعت بەکاردەهێنرێت.**

## ئێپیک=ئێپۆس=چیرۆکی شیعریی=داستان=بەیت:

ئەو جۆرە بەرهەمەیە کە گیانی چیرۆک (گێڕانەوەیی) تێدایە، لە ڕووی قەوارە و کێش و قافیەوە بە سەر دوو بەش دابەش دەکرێ:-

بەیت

بە قەوارە زۆر درێژ نییە، زمانی میللییە،  ڕستەی سادە و ساکارە، بۆیە زۆربەی خەڵک تێیدەگات. کێشەکەی خۆماڵی(سیلاب)یە و سەروا(قافیە)ی هەمە چەشنە و لەسەر بنجی بەند (کووپلە) دادەمەزرێت، بۆ مەبەستی گۆرانی گووتن دادەنرێت.

## ***چیرۆکی شیعریی(داستان=مەسنەوی):***

**لە ڕووی قەوارەوە درێژە، زمانی سفت و پتەو و کلاسیکییە، بۆیە زێتر پەیوەستە بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانەوە، لە ڕووی کێشەوە عەڕووزی- سیلابیە، لە ڕووی سەرواوە(قافیە) جووت قافیەیە(موزدەویج).**

**کەرستەی جوانکاری(ئێستاتیکیی)**

**بێگومان زمانی شیعری نەتەوە موسڵمانەکان کارێکی گەورەی کردۆتە سەر غەزەل و قەسیدەی کوردی و پەیڕەوی کێشی عەڕووزی و یەکێتی قافیە کراوە.**

به تایبەت لە سەدەکانی شازدەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم.
غەزەل قەسیدەی کوردی بە گشتی، ئەو شاعیرانەی خەریکی سۆفیزم و پاڕانەوە(موناجات) و (نەعت بۆ پێغەمبەر) و (پێداهەڵدان=مدح) و (شانازی=فخر) بوون، کەوتبوونە ژێر کاریگەری و قورسایی زمانی عەرەبییەوە، بە تایبەتی وشە و زاراوە و چەمکی فەلسەفە و سۆفیزم و شەریعەت و دەروێشیزم(تەریقەت) لە ناو ئەمجۆرە شیعرەدا بەدیدەکران. ئەم وشە و زاراوە و ڕستانە لە غەزەل و قەسیدەدا لە شیعری کلاسیکی فارسی و تورکیدا بەکاردەهێنران.

جگە لەمە تا ئاستێکی بەرز شیعری کوردی کەوتبووە ژێر کاریگەری ڕەوانبێژ(بلاغە)ی عەرەبییەوە. یاریکردن بە وشە و ماناکان و دروستکردنی تەنگوچەڵەمە بە ئانقەست، دانانی شیعری بێ خاڵ، ڕێکخستنی شیعری داخراو(موعەمما) یەکێک بووە لە ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی گرنگ و بەرچاوەکانی شیعری کلاسیکی کوردی. هەموو جۆرە جوانکارییە وشەیی و ماناییەکانی عەرەبی لە ڕووی مەشق و کردارەکییەوە لە شیعری کلاسیکی کوردی بە دیدەکرێن وەکو: حسنی فصاحەت، ترسیع، فواصیل، تبدیل، جناس و بەشەکانی، استعارە، صحەتی تقسیم، صحەتی متقابلات، مطابقە، استحالە، هەموو بەشەکانی بلاغەت و ترجیع و ... هتد.

ئەم دیاردەیە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا لەگەڵ ئەوەی تەنیا سوودی ڕۆشنبیر و خوێندەواری بەرزی تێدا بوو، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەخوێندەوار و نیمچە نەخوێندەوار تێینەدەگەیشتن و کەڵکیان لێوەرنەدەگرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودی زۆر بوو کە زمان و ئەدەبی کوردی هێندەیتر فراوانترکرد، گەلێک وشە و زاراوەی هێنایە ناو زمانی ئەدەبییەوە. هەر تەکنیکی شیعر و جۆری بیرکردنەوەی شاعیریەتی بڵاوکردەوە و وێنە و مانای تازەی خستە جیهانی ئەدەبی کوردییەوە.

بەم ڕەنگە ئەگەر کەڵکی بۆ سەردەمی خۆی زۆر نەبوو بێت، چونکە خوێندەوار کەم بوون، کەڵکی بۆ نەوەکانی داهاتوو و ئێستا و داهاتووش زێتر دەبێت. ئەو بەرهەمە کلاسیکییە بەرزانە هەمیشەیین و بۆ هەموو سەردەم و ڕۆژگارێک دەست دەدەن، چونکە تۆوماکی نەمری دایهێناون.

## تخلوس:
## نازناوی شاعیرانی کلاسیک

نازناو، یان تەخەلوس یەکێکە لە کردەوەکانی شاعیری کورد، بریتییە لەوەی بە زۆری لە دێڕی دوایی، یان لە پێش ئەو لە هەر غەزەل و قەسیدەیەکدا نازناوی خۆی تۆمار دەکرد. هەندێکجار ئەم نازناوە پەیوەندی بە ئایین، یان بنەماڵە، یان سۆفیزم، یان نیشتمانپەروەری، یان وەرگرتن لە شاعیرانی غەزەلی نەتەوەکانی تری موسڵمانەوە هەبووە. وەکو: مەلا، خانی، پرتەو، شەفیع، خانە، بێسارانی، نالی، سالم، کوردی، مەولەوی، حاجی، ئەدەب، حەریق، مەحوی، وەفایی، ناری، نیعمەتی، بێخود، خاکی، خەستە، مەجدی، ئاهی، صافی، حەمدوون، حەمدی، اثیری، زێوەر، کانی، کەمالی، ... هی تر.

بەکارهێنانی ئەم نازناو لە لای شاعیرە نویٚ و هاوچەرخەکانیش باوە، وەکو ناوێک شاعیران پێیدەناسرێن و بەرهەمیان لە دیوان و ڕۆژنامە و گۆڤاردا بەو ناوە بڵاودەکەنەوە، ئەگینا وەک شاعیرانی کلاسیکخواز نازناویان تێکهەڵکێشی ناو شیعرەکانیان ناکەن، چونکە ئەگەر شاعیرانی کلاسیکخواز ترسی ئەوەیان هەبوو شیعرەکانیان دەدزرێت، ئەوا چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری لە سەردەمی ئێستادا ئەو ترسەی لە ناوبردووە، بە زۆری نازناوی شاعیری نویٚ و سەردەم پەیوەندی بە وێستگەکانی ژیانی خۆی و کۆمەڵ و سیاسەت و خاک و نیشتمان و سامانی نەتەوایەتییەوە هەیە.
وەکو: پیرەمێرد، بێکەس، دڵدار، گۆران، جگەر خوێن، هێمن، کامەران، هەردی، دیلان، دڵزار، کاکەی فەلاح، هاوار، مەدهۆش ... هی تریش.